گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزی پێشمەرگە
# لە جەنگی رووبەڕووبوونەوەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام

**ئارام ناصیح عبید**
بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
aram.obed@su.ed.krd

**پ. ی. د. شەماڵ حسین مصطفى**
بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Shamal.mustafa@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**
**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:٢٠٢٢/٩/٢٠**
**پەسەندکردن:٢٠٢٣/٢/١**
**بڵاوکردنەوە:بەهاری٢٠٢٤**

**ووشە سەرەکییەکان**
*United States, Peshmerga, Military strategy, ISIS, Local Partner.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.9

**پوختە**
لە چوارچێوەی ستراتیجی سەربازیی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی سیاسی و جیۆستراتیجی هەیە. لە ئاستی سیاسی و ئاسایشیی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەم هاوکێشەیە دوای ساڵی 2014 زیاتر بەرجەستە بوو. بە هۆی جەنگی دژ بە تیرۆرەوە، کایەی ئاسایش بوو بە جەوهەری پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەرێمی کوردستان بەتایبەت کاتێك ئەمریکا جەختی کردە سەر هاوبەش و بریکارە ناوچەیی و هەرێمییەکان و پارمەتیدان و پشتگیریکردنیان لەپێناو جێبەجێکردنی ستراتیجی سەربازیی و ئاسایشیی خۆی لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرەشەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ئەمریکا، پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزی سەربازیی هەرێمی کوردستان

کە بە پێشمەرگە ناسراوە بەهێز کرد، پێشمەرگە هێزیکی کاریگەر بوو لە تێکشکاندنی داعش و لەناوبردنی مەترسییەکانی.

## پێشەکی:

سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ساڵی 2014، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە پەیوەندی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، کە تێیدا داعش جگە لەوەی بوو بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندی و ئامانجە ستراتیجییەکانی ئەمریکا، هاوکات هەڕەشەیەکی ئاسایشی گەورەش بوو بۆ سەر ناوچەکە. لێرەوە هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی سەرەکی لە بەگژداچوونەوەی هەڕەشەکانی داعش و تێکشکاندنیان بینی. ئەمەش پێشمەرگەی کرد بە بەشێک لە ستراتیجی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا. ئەمریکا لە دوای ساڵی 2014 پشتی بە هاوبەشە خۆجێی بەست بۆ لەناوبردنی تیرۆر، لەم پرۆسەیەدا پاڵپشتی هێزە ناوچەییەکان دەکات. لە جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا، ئەمریکا پشتیوانییەکی گەورەی لە هێزی پێشمەرگە کرد، چ لە ڕێگەی ئاسمانی و یاخود پرچەککردن و یارمەتی لۆجستییەوە.

بوونی هێزی پێشمەرگە وەك هاوبەشێکی جێگەی متمانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەڵمەتی تێکشکاندنی خەلافەتەکەی داعش، وای کرد هەرێمی کوردستان وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵی گرنگ لە هاوکێشە ئاسایشییەکانی عێراق و تەنانەت هەندێك ئاستی هەرێمیش ببینێت. پشتبەستن بە هێزی پێشمەرگە ئەو وێنەیەی لە تێڕوانینی بەرپرسانی واشنتۆن بەهێزتر کرد کە دەکرێت وەك هاوبەشێکی خۆجێی و متمانەپێکراو، هاوکاری و پشتگیری بکرێت، تاکوو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش بێت لە ناوچەکەدا.

## گرفتی توێژینەوە

سەرباری دەستڕۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا دووچاری ئاڵنگاری ئاسایشیی و سەربازیی بووەتەوە کە بەشێکیان دروستکراوی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانە، ئەمەش وا دەکات واشنتۆن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکاندا مامەڵە لەگەڵ ئەکتەری دیکەی نادەوڵەتی بکات. پشتبەستن بە پێشمەرگە لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە.

## گریمانەی توێژینەوە

هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیدا، لێرەوە دەرفەتی بوونی بە هاوبەشێکی ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق و ناوچەکەدا لە هەرکاتێکی دیکە بەهێزترە.

## پرسیاری توێژینەوە

لەژێر ڕۆشنایی گرفتی توێژینەوەکەدا دەتوانین ئەم پرسانە وەك پرسیاری توێژینەوەکە بخەینەڕوو:

- گرنگترین کایەکانی بەشداری و هاریکاری نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و ویلایەتە یەکگرتووەکان کامانەن؟
- چۆن پێشمەرگە توانی متمانەی زلهێزێکی وەك ئەمریکا بەدەست بهێنیت سەرەڕای ئاڵنگارییە ناوخۆیی، عێراقی و هەرێمییەکان؟

## ئامانجی توێژینەوە

شیکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ستراتیجی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق و ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرنگی توێژینەوە

پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانییەوە پرسێکی گرنگە لە پەیوەست بە پێگە و ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان. شرۆڤەکرنی ڕۆڵ و پێگەی پێشمەرگە لە ستراتیجی سەربازیی ئەمریکا، مایەی گرنگیدانی ئەم توێژینەوەیەیە.

## سنوور و بابەتی توێژینەوە

چوارچێوەی زەمەنی توێژینەوەکە بریتییە لە شرۆڤەکردنی پرسەکان لە نێوان ساڵانی 2014 تاکوو 2022. چوارچێوەی شوێنی( نطاق الزمني) توێژینەوەکە شیکردنەوەی ستراتیجی سەربازیی ئەمریکایە بەرانبەر عێراق و بە تایبەت هەرێمی کوردستان.

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

بۆ شرۆڤەکردنی پرسەکان لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆری ڕیالیزمی نوێ دەبەستێت، شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زلهێز و ئەکتەری نادەوڵەتی، هاوسەنگی هێز و ڕێگرتن لە دەرکەوتنی هیزی نەیار.

## میتۆدی توێژینەوە

بە لەبەرچاوگرتنی بنەما زانستییەکان ئەم توێژینەوەیە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی پرسەکان، پەیڕەوی لەم میتۆدانە کردووە:

1- میتۆدی شیکاری: ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ دەرخستن و شیکردنەوەی فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیجی زلهێزەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- میتۆدی دروستکردنی بڕیار (منهج صنع القرار): ئەم میتۆدە بۆ دەرخستن و شیکردنەوەی ئەو بڕیار و پرۆژانەی ناوەندیی بڕیاردەری ئەمریکایە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشمەرگە بەکار هاتووە.

## پەیکەربەندی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و دووبەش و بەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێك دێت: بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە بوونی پێشمەرگە وەك هاوبەشێکی متمانەپێکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەم بەشە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت: تەوەری یەکەم پێشمەرگە وەك هێزی شەڕکەر لەسەر زەوی. تەوەری دووەم ڕۆڵی کاریگەری پێشمەرگە لە بەگژداچوونەوەی تیرۆردا. تەوەری سێیەم هاوتەریببوونی بەرژەوەندییەکانی کورد و ئەمریکا. بەشی دووەم شکستەکانی سوپای عێراق باس کراوە، ئەم بەشەش لە سێ تەوەر پێك دێت: تەوەری یەکەم، شکستەکانی سوپای عێراق، تەوەری دووەم پێشمەرگە وەك ئەلتەرناتیڤ، تەوەری سێیەم مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ کورد.

## ناوەڕۆك

## 1- پێشمەرگە وەک هاوبەشێکی متمانەپێکراوی ئەمریکا

### 1-1- هێزی شەڕکەر لەسەر زەوی

ناوەڕاستی ساڵی 2014، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی چەندان شار و ناوچەی لە عێراق داگیر کرد کە بە نزیکەیی یەک لەسەر سێی خاکەکەی دەبوو. تێکشکانی سوپای عێراق لەبەردەم شاڵاوەکانی داعشدا، تەنیا مەترسی نەبوو لەسەر کیان و ئاسایشی ئەو وڵاتە و ناوچەکە، بەڵکوو بوو بە ئاڵنگارییەکی ئاسایشی گەورە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەورووپا و جیهان بەگشتی. سەرۆک ئۆباما ڕایگەیاند "داعش مەترسییە لەسەر عێراق و هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا." (أوباما: "داعش" خطر على العراق، 2014) لێرەوە ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی بۆ وەستاندنی پێشڕەوییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی خستەگەڕ. هاوپەیمانییەتیەکی-سەربازیی نێودەوڵەتی بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەندامێتی زیاتر لە 60 دەوڵەت بە ڕێبەرایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی خەلافەتەکەی داعش پێک هات.

ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، دوورکەوتنەوە بوو لە تێوەگلان لە بەشداریکردنی هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا لە مەیدانی جەنگ، یاخود نەبوونی هیچ سەربازێک لەسەر زەوی و لە هێڵەکانی پێشەوە لەبەر چەندان هۆکار: (عیسی، 2022)

1- بوونی ئەزموونێکی خراپ بە تایبەت لە جەنگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست.

2-نەبوونی هیچ پاڵپشتییەک بۆ جووڵەپێکردنی سوپای ئەمریکا لە ناوخۆدا.

3- هەبوونی هێز و هاوبەشی دیکە لە مەیداندا.

دروشمی نەبوونی سەرباز لەسەر زەوی (no boots on the ground) بوو بە پرەنسیپی سەرەکی ستراتیجی سەربازیی ئەمریکا لە هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. لە ئاستی ناوخۆدا دروشمەکە ڕەنگدانەوەی ماندووبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە جەنگ، هەروەها خواستێکی ڕاستەقینەش بوونی نەبوو بۆ بەکارهێنانی توانا ماددی و مرۆییەکانی ئەمریکا لە جەنگە ناکۆتا و چارەنووس نادیارەکاندا. (Sullivan& Dubaik, 2014) سەرەڕای ئەوی خودی سەرۆک ئۆباما پێی وا بوو دەکرێت لە دوورەوە و بە کاتێکی کەم و تێچوویەکی سنووورداری ماددی و مرۆیی، گۆڕانگاری ئەنجام بدرێت. (الهرمزي، 2022)

لە مانگی دیسەمبەری 2014 سەرۆک ئۆباما ستراتیجییەتێکی گشتگیری بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاند کە خۆی لە 9 بنەمای سەرەکیدا دەبینێتەو: (Hawezy, 2015, p. 20)

- پشتیوانیکردنی حووکمڕانییەکی بەهێز لە عێراق.
- بێبەشکردنی داعش لە بوونی پەناگەی ئارام.
- بونیادنانی هێز و توانای هاوبەشەکان(Partners).
- کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری لەسەر داعش.
- وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ڕێگرتن لە چوونەناوەوەی تیرۆرستە بیانییەکان.
- پارێزگاری لە نیشتمان.
- یارمەتی مرۆیی.

ئامانجەکانی ئەم ستراتیجییەی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بریتی بوو لە:
1- بونیادنانی هاوپەیمانییەتیەکی سەربازیی- نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی.
2- جەختکردنە سەر دەستتێوەردانی سەربازیی سنووردار لە ڕێگەی وەشاندنی گورزی ئاسمانی، چالاکی هەوڵگری و پرۆسەی تایبەتی سنووردار، دوورکەوتنەوە لە دەستتێوەردانی زەمینی فرەوان.
3- پڕچەککردن، ڕاهێنان و پشتیوانیکردنی هاوپەیمانە خۆجێیەکانی وەک هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق و هەندێک لە ئۆپۆزسیۆنە میانڕەوەکانی سووریا. (عیسی، 2022)

پشتبەستن بە هاوبەشە خۆجێیەکان (Local Partners) و یارمەتیدانیان لە ڕێگەی وەشاندنی گورزی ئاسمانی و پێدانی چەک و زانیاریی هەواڵگری، بوو بە بنەمای سەرەکی کاری هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەڕابەرایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. پێشمەرگە ڕۆڵێکی کاریگەری لە وەستاندنی پێشڕەوییەکانی داعشدا بینی. لێرەوە بوو بە جێگەی متمانەی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی لە هەوڵەکانیان بۆ تێکشکاندنی داعش. دەنیس ناتالی (Denise Natali) یاریدەدەری پێشووتری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەخت دەکاتەوە: "هێرش دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێبەرایەتی دەکات بە شێوەیەکی فرەوان پشت بە پێشمەرگە وەک سەرباز لەسەر زەوی دەبەستێت." (Natali, 2015)
لە دەسپێکی وەشاندنی گورزی ئاسمانی دژ بە پێگەکانی داعش لە مانگی ئەیلوولی 2014، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری هێزی هاوپەیمانان توانییان نزیکەی %25-30 ئەو ناوچانە ئازاد بکەن کە پێشتر داعش داگیری کردبوو. هەروەها پێشمەرگە ڕێگر بوو لە هەوڵەکانی داعش بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر لە سامانی نەوت و گاز، تواناکانیانی لەو ڕووەوە سنووردار کرد و هەوڵی وشککردنی سەرچاوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داهاتەکانیانی دەدا (Natali, 2015). ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، ناوبانگێکی گەورەی بۆ پێشمەرگە پەیدا کرد، وەک جەنگاوەری ئازادی و بەرگریکاری بەها ئینسانییەکان ناسرا، چونکە ئومێدێکی گەورە بە هێزی پێشمەرگە هەبوو کە دەتوانێت ڕێگە لە داگیرکاری و پێشڕەوییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بگرێت، وەک هێزێکی کاریگەر دەتوانێت ئاسایش بۆ مەسیحی و ئێزیدی و ئەو کەمینانەی دیکە کە لە ترسی داعش هەڵات بوون دابین بکات و پارێزگارییان لێ بکات. (Arms For Kurdish, 2014)

بوونی هێزی پێشمەرگە لەسەر زەوی و هاوکاریکردنی لە ڕێگەی وەشاندنی گورزی ئاسمانییەوە بوو بە هۆی وەستاندنی پێشڕەوییەکانی داعش. وەک لە زانستی سەربازیدا جەختی لێ کراوەتەوە، هێرشی ئاسمانی بەبێ بوونی سەرباز لەسەر زەوی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە و ناتوانێت ئامانجە خواستراوەکان بەدی بهێنیت. پێشمەرگە لە مەیدانی جەنگ توانی ئەو کاریگەرییە دروست بکات و تێکشکاندنی داعش وەک ئامانجێکی سەرەکی بکات بە حەقیقەت. لەبەرئەوە بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا هێزی پێشمەرگەیان وەک هاوبەشێکی متمانەپێکراو ناو برد و جەختیان لە هاوکاریکردن لەگەڵیدا بۆ ماوەیەکی درێژ کردەوە. (Readout of U.S. Under Secretary of Defense, 2019)

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هاوئاهەنگی نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانان سەرەتای ساڵی 2015، ژوورێکی ئۆپەراسیۆن (غرفة العمليات) لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دروست کرا، کە تاکوو ئێستاش بەردەوامە لە کارکردن. دروستکردنی ئەو ژوورە لە بەهێزکردنی هاریکاری نێوان هەردوولا ڕۆڵێکی گرنگی بینی و بوو بە هۆی سنووردارکردنی هێرشەکانی داعش و دواتر تێکشکاندنی. پێشمەرگە هاوکارێکی گرنگی جێبەجێکردنی چەندان ئۆپەراسیۆنی هێرشبردن بوو دژ بە داعش، لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی زانیاریی هەواڵگری گرنگ و دیاریکردنی ئامانجەکان بەوردی، ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ناوبانگێکی باشی لە شەڕ دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەدەست هێنا. (Hussein, 2020, p.64) لە لایەکی دیکەشەوە هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی باش سوودی لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوکاری و پشتیوانی هاوپەیمانان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش وەرگرت. لێرەوە بەرپرسانی ئەمریکی پێیان وا بوو دەکرێت پێشمەرگە وەک هێزێکی سەرەکی لە بەکارهێنانی هاوکارییەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی پشتی پێ ببەسترێت. (United States strategy, 2017)

مەترسییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی تەنیا لە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراودا نەبوون، بەڵکوو خودی ڕێکخراوەکە کاری لەسەر نەهێشتنی سنووره فەرمییەکانی نێوان وڵاتان دەکرد، هەڕەشەکانیشی سنوورەکانی دەبڕی. وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی (non-state actor) بوو بە سەرچاوەی ئاڵنگاری ئاسایشیی گەورە، لەبەرئەوە ئەمریکا پێویستی بە هاوبەشێکی بەهێز بوو، تاکوو ڕێگر بێت لەبەردەم هەڕەشەکانی داعش. لێرەوە کاربەدەستانی ئەمریکا جەختیان کردەوە کە کوردەکان هاوبەشێکی گوێڕایەڵ و کردەیین لە جەنگ دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. (Natali, 2015)

**2-1- ڕۆڵی کاریگەر لە بەگژداچوونەوەی تیرۆردا**

بەرگریکردنی پێشمەرگە لەبەردەم شاڵاوەکانی داعش لە دیدی بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکاوە شوێنی متمانە و ئیعتیبار بوو. ئەوان لە ستایشکردنی هاوبەشە سەربازییە تازە پێگەیشتووەکاندا هەمیشە سوود لە دەستەواژەی سپارتای بچووک (Little Sparta) وەردەگرن وەک ئاماژەیەک بۆ سپارتای دەوڵەت-شاری یۆنانی دێرین کە بە هۆی سوپاکەیەوە بە شاری شکۆ و هێز ناسرا بوو، وێڕای کەمی ژمارەی سەربازەکانی، بەڵام توانایەکی بەرزی شەڕکردنیان هەبوو. بە هۆی هێزی پێشمەرگەشەوە کە لە دیدی سوپای ئەمریکاوە، هێزێکی شەڕکەر و مایەی پێزانینن، کوردستانی عێراق هەوڵ دەدات ببێت بە سپارتایەکی بچووک. (Knights, 2014) هەروەها بە هۆی بوونی وەک ناوچەیەکی ئارام و جێگەی متمانە، بوو بە مەیدانێکی بێ هاوتا کە تێیدا وڵاتانی ڕۆژئاوا پرۆسە سەربازییەکانیان دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەڕێوە دەبرد.

توانای هێزی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی داعش ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕینی سروشتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا بینی، چونکە شەڕ لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی فۆرمێکی دیکەی لە پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و سوپای ئەمریکا هێنایە کایەوە ( Malik, 2017). لێرەوە پێشمەرگە بوو بە ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە دونیای دەرەوە. جەنەڕاڵ ستیفن تاوزەند (Stephen J. Townsend) فەرماندەی پێشووی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەبارەی ڕۆڵی پێشمەرگەوە دەڵێت: "من زۆر خۆشحاڵم بە بەشدارییەکانی پێشمەرگە... ڕەنگە زۆرێک پێزانینێکی باشیان بۆ ئەوە نەبێت، بەڵام من ئەو پێزانینەم هەیە. پێشمەرگە ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە وەستاندنی هێرشەکانی داعش لە نێوان ساڵانی 2014-2015، لە تەواوی باکووری عێراق پێشمەرگە بوو بەرگری کرد.” (Department of Defense Press Briefing, 2017)

لەگەڵ پێداگری حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بەشدارینەکردنی سەربازانی وڵاتەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیدا، پێشمەرگە تەنیا هێز بوو سەلماندی کە توانای شکاندنی داعش و پاراستنی خەڵکی سڤیلی هەیە. سەرەڕای پراکتیزەکردنی دروشمی "نەبوونی سەرباز لەسەر زەوی" دەبوو هاوکارییەکانی ئەمریکا بگاتە دەست پێشمەرگە وەک هاوبەشێک، تاکوو ڕێگری لە پێشڕەوی زیاتری چەکدارانی داعش بکات. سەرۆک دۆناڵد ترامپ لە ستایشی ڕۆڵی کوردەکان لە تێکشکاندنی داعش دەڵێت: "داعشمان لە ماوەیەکی زۆر کورت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکشکاند، ئەوەشمان بە هاوکاری کوردەکان ئەنجام دا. ئەوان جەنگاوەری مەزن و گەلێکی مەزنن." (Trump: Some are great fighters, 2018 ). ئەم تێڕوانینەش زیاتر بینینی نەتەوەی کوردە تەنیا وەك جەنگاوەرێك.

وەستانەوە لەبەردەم پێشڕەوییەکانی داعش لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوتن و لە هەمان کاتدا بەرجەستەکردنی ڕۆڵی هاوبەشێکی سەربازیی کاریگەر بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەرپرسانی پنتاگۆن لە هەڵسەنگاندنیاندا بۆ توانا سەربازییەکانی، هەمیشە پێشمەرگەیان بە هێزێکی کاریگەر و هاوبەشێکی متمانەپێکراو وەسف کردووە. بۆ نموونە جەنەڕاڵ مایکڵ ئێریک کۆرێلا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا (CENTCOM) (Michael E. Corella) لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا ڕایگەیاند: "من کارم لەگەڵ هاوبەشە کوردەکانمان کردووە، بۆم دەرکەوتووە متمانەپێکراو و بەتوانان. لە ساڵی 2004 لە یەکەم گەشتم بۆ عێراق کارم لەگەڵدا کردوون، بەم دواییانەش لەشەڕ دژ بە داعش لە ساڵی 2014. بۆم دەرکەوتووە هاوبەشی یەکجار متمانەپێکراو و بەتوانان." (ڕێکار عەزیز، 2022). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە سەرکردە سەربازییەکان لە سەرکردە سیاسییەکان تێگەیشتنیان بەرانبەر پێگەی پێشمەرگە هەیە.

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی دوژمنێکی هاوبەش بوو بۆ کوردەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا هەردوولا بەرژەوەندییان لە بوونی عێراقێکی سەقامگیر و فرەییدا هەبوو. لە ڕابردووشدا سوپای ئەمریکا و پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان هەبووە و تێیدا سەرکەوتوو بوونە، ئەمەش ئەگەری بوونی کورد وەک هاوبەشێکی ستراتیجی دوورمەودا بەهێزتر دەکات. جێف فۆرتنبێری (Jeff Fortenberry) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە لێژنەی کاروباری دەرەوە لە مانگی شوباتی 2015 لەبەردەم کۆنگرێس ڕایگەیاند: "پرۆسەی تێکشکاندنی داعش پێویستی بە هاوبەشی بەهێز و کردەیی وەک کورد لە ناوچەکە هەیە. لە تێکشکاندنی داعشدا پێشمەرگە توانای خۆی سەلماندووە، هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنە ستراتیجییەکانی، وەک بەشێک لە ئەرکەکەی بەرگرییان لە بەهاکانی لێبوردەیی و فرەیی (Tolerance and Pluralism) کردووە، وێڕای دابینکردنی پەناگەی ئارام بۆ کەمینەکانی وەکوو؛ مەسیحی، ئێزیدی و ئەو موسڵمانە بێتاوانانەی لەژێر حووکمی داعش هەڵاتبوون." (Hawezy: 2015, p 23)

سەرۆکی لێژنەکانی بەرگری لە هەردوو ئەنجومەنی نوینەران و سیناتی ئەمریکا ئاماژەیان بە ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕ دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کرد و جەختیان کردەوە: "تێبینی بەشدارییەکی فرەوانی هێزی پێشمەرگەمان لە وەستاندنی پێشڕەوییەکانی داعش کردووە. ئێمە لە پلانی ئیدارەی ئەمریکا تێدەگەین کە پشتگیریکردن، ڕاهێنان و پرچەککردنی 3 لیوای پێشمەرگە لەخۆ دەگرێت. ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین زۆربەی هاوکارییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی هێزە کوردییەکان بێت. هانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەزیری بەرگری دەدەین کە دڵنیایی گەیشتنی هاوکارییەکان لە کاتی گونجاودا بکات. هەروەها چاوەڕوانی ئەوە لە وەزیری بەرگری دەکەین لەبارەی پلانەکە و جێبەجێکردنی، زانیاری تەواو بە لێژنەکانی بەرگری بدات، بە تایبەت گەیشتنی هاوکارییەکان بۆ هێزە کوردییەکان بەخێرایی و لە کاتێکی کەمدا." (Hawezy, 2015, p 22).

**3-1- هاوتەریببوونی بەرژەوەندییەکان**

کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت هاوکات بوو لەگەڵ بەرپرسیارییەتی هەڵگرتنی ئەمریکا لە بەرابەر پرسی کورد لە عێراق، هەر لە دروستکردنی پەناگەی ئارام و ناوچەی دژە فڕین، تاکوو کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و فشارکردنە سەر عێراق تاکوو هەرێم بە پارێزراوی بمێنێتەوە. ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە: یەکەم، چۆن دونیا بە ئەمریکایی بکات. دووەم، چۆن ڕێگە لە سەرهەڵدانی نەیار بۆ هەژموونی ئەمریکا بەسەر دونیادا بگرێت. (عەزیز، 2021) بیرۆکەی ڕێگریکردن لە دروستبوونی نەیاری دیکە دەگەڕێتەوە بۆ پۆڵ وڵفۆیتز (Paul Wolfowitz) جێگری پێشووتری وەزیری بەرگری ئەمریکا کە بە دۆکترینی وڵفۆیتز ناسراوە.

ئەمریکا لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت، نەتەوە و چەسپاندنی دیموکراسی لە ئەفغانستان و عێراق شکستی هێنا. توانایەکی زۆری ماددی و مرۆیی لەو دوو وڵاتە بە فیڕۆ چوون بێ ئەوەی ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدی بێت. لێرەوە ئەمریکییەکان بە گومان بوون کە چیدیکە ئەو پرەنسیپانە لە کولتوور و وڵاتی دیکە ئەگەری پراکتیزەکردن و جێبەجێبوونی هەبێت. لەبارەی وڵاتانی ناوچەکەشەوە، ئەمریکا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی بەئاسانی نابن بە دەوڵەتی سەقامگیر و خاوەن سەروەری، هەر بە ناوچەی پڕ لە کێشە دەمێننەوە و کێشەکانشیان تەنیا لەو سنوورە جوگرافییەدا قەتیس نابێت، بەڵکوو دەبێت بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لەبەرئەوە دەبێت هێز و هاوبەشی متمانەپێکراو هەبێت کە لە ئەگەری دروستبوونی قەیراندا بتوانرێت هاوکاری لەگەڵدا بکرێت. لە ڕابردوودا زلهێزەکان لە ڕێگەی سیستەمی نێودەوڵەتییەوە وڵاتانی ناوچەکەیان بە میتۆدە جیاوازەکانی وەک: هاوسەنگی هێز، دەورەدان (احتواء)، ئابڵووقە و شەڕ بەڕێوە دەبرد، بەڵام ئێستا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێنانی پێشمەرگە یان کوردستان بۆ ناو ئەم هاوکێشەیە بە واتای گۆڕین و فرەوانبوونی سیستەمی ئیدارەدانی ناوچەکەیە. (عەزیز، 2021)

لە سێپتەمبەری 2014 لە کۆنگرێسی ئەمریکا بە ئامادەبوونی جۆن کێری (John Kerry) وەزیری دەرەوە وسیناتۆر جیمس ڕیچ (James Risch) لەبارەی پرۆسە سەربازییەکان دژ بە داعش لە عێراق ڕایگەیاند: "سەبارەت بەبوونی سەرباز لەسەر زەوی، کێ ئەو کارە دەکات؟ ئێمە دەزانین عێراقییەکان ناتوانن ئەو کارە بکەن. ئەوان لەگەڵ کەمترین هەڕەشەدا، چەک و جلە فەرمییەکانیان فڕێ دا و گەڕانەوە ماڵەوە... ئێوە دەزانن باشترین گرووپ بتوانێت ڕۆڵی سەرباز لەسەر زەوی ببینێت، کوردەکانن. ئەوان بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو سەرکەوتوون. ئەوان متمانەپێکراون، جەنگاوەری مەزنن. ئەگەر لەم بارەیەوە کەسێک بیەوێت لە عێراق یان سووریا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت کوردەکان بن." (United States strategy, 2014 -)

بە نزیکبوونەوەی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و پەلاماردانی هێزی پێشمەرگە لە مانگی ئابی 2014، سەرۆک ئۆباما فەرمانی بە وەشاندنی گورزی ئاسمانی دژ بە داعش و زیادکردنی هاوکارییە سەربازییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە کرد. جووڵەکانی سەرۆک ئۆباما بە واتای دووبارە تێوەگلان لە جەنگ لە عێراق نەبوو، بگرە کاردانەوەیەکی پێویست بوو، نەک تەنیا بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی قەیرانێکی مرۆیی، بەڵکوو بۆ بەرگرتنیش بوو لە هەڕەشەیەکی مەترسیدار کە ڕووی لە هاوپەیمانێکی گرنگ بوو. (Kaplan, 2014)

جۆن مەککین (John Mccain) سیناتۆری بەئەزموونی کۆمارییەکان و کاندیدی پێشووتری سەرۆکایەتی ئەمریکا، بە کۆنگرێسی ڕاگەیاند: "من دەمەوێت هاوڕێ کوردەکانمان بناسن، ئەوان هاوپەیمانێکی بەهێز و خۆڕاگرن." (United States strategy, 2014) پێگەی هێزی پێشمەرگە ئەو وێنەیەی لە دیدی بەرپرسانی ئەمریکادا زیاتر چەسپاند کە کوردەکان جێگەی متمانە و هاوبەشێکی کاریگەرن. ڕۆبەرت فۆرد (Robert S. Ford) باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا لەبارەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشمەرگەوە پێی وایە: "پێشمەرگە گرووپێکی سەرەکی و جێگەی متمانەن، دەتوانن سوود لە هاوکارییەکانی ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لەسەر زەوی وەربگرن." ( United States (strategy, 2014

بە هۆی ماندووبوونی ئەمریکا و نەگەیشتن بە ئامانجەکانی لە بونیادنانی سیستەمی دیموکراسی و پایەکانی دەوڵەتی مەدەنی بەتایبەتی لە ئەفغانستان و عێراق، جەختی کردە سەر دروستکردنی هاوبەشی سەربازیی خۆجێیی، تاکوو ببێت بە جێگرەوەی هێزی ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە و ئاڵنگاری لەبەردەم بەرژەوەندی و هەژموونیدا بتوانێت پشتیان پێ ببەستیت. لێرەوە هێزی پێشمەرگە وەک هاوبەشێکی سەربازیی نادەوڵەتی بوو بە بەشێک لەو هێزەی دەکرێت ئەمریکا لە داهاتووشدا وەک سەرباز لەسەر زەوی پشتی پێ ببەستێت.

## 2- شکستی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە وەک ئەلتەرناتیف

### 2-1- شکستەکانی سوپای عێراق

لە ساتی دروستبوونی سوپای عێراق لە ساڵی 1921 لەسەر دەستی بەریتانییەکان تاکوو ئێستا دووچاری چەندان شکستی گەورە بووەتەوە. ڕەنگە زۆرێک لە سەربازەکان بەوپەڕی ئازایەتییەوە شەڕیان کردبێت، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا یەکەیەکی سوپا بەتەواوی ڕووخاوە یاخود هەڵاتووە. هەندێک لە پێکهاتەکانی سوپای عێراق لاوازی خۆیان سەلماندووە کە بەئاسانی تێکدەشکێن. بە درێژایی چەندان دەیە لە شەڕکردن، لاوازی دەرئەنجامی ڕووخێنەری بۆ سوپای عێراق هەبووە. (Konnable, 2022, p 11)

لە جەنگی 1967 نێوان عەرەب و ئیسرائیل، هێزەکانی سوپای عێراق بەشدارییان تێدا کرد، بەبێ ئەوەی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکیان لەگەڵ سوپای ئیسرائیلدا هەبێت. لە شەڕی ئۆکتۆبەری 1973 چەند یەکەیەکی سوپای عێراق دژ بە سوپای ئیسرائیل شەڕیان کرد، بەڵام تێکشکان و هەڵاتن. لەمیانی شەڕی عێراق-ئێران بە هۆی هێرشی ئێرانییەکان بۆ داگیرکردنی نیمچە دورگەی فاو لە ساڵی 1986،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فیرقەیەکی سوپای عێراق بەتەواوی هەڵوەشایەوە. لە جەنگی کەنداو و پرۆسەی گەردەلوولی بیاباندا، نزیکەی 120 هەزار سەربازی عێراق هەڵاتن و نزیکەی 80 هەزار سەربازیش خۆیان بەدەستەوە دا. ساڵی 2003 لەگەڵ دەسپێکی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، دوای چەند هەفتەیەکی کەم لە بەرگری، سوپا بەتەواوی شکستی هێنا و ڕووخا. ساڵی 2004 لە شەڕی فەلوجە، دوای ئەوەی کەوتنە کەمینیکەوە، کەتیبەیەکی سوپای عێراق بەتەواوی هەڵوەشایەوە. (Konnable, 2022, p 14)

کاتێک چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە حوزەیرانی 2014 هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ، هێزە ئەمنییەکانی عێراق دووچاری شکست و ڕووخانێکی گەورە بوونەوە. 19 لیوای سوپای عێراق و 6 لیوای پۆلیسی فیدراڵی هەڵوەشانەوە، واتە یەک لەسەر چواری هێزە ئەمنییەکان هەلوەشانەوە. ئەم تێکشکانە تەواوی فیرقەکانی 2، 3 لە نەینەوا، هەروەها فیرقەی 3 پۆلیسی فیدراڵی گرتەوە. زۆرینەی ئەندامانی فیرقەی 4 سوپای عێراق لە سەڵاحەددین، تەواوی فیرقەی 12 کە لە کەرکووک جێگیر کرابوون هەڵاتن، سەرباری 5 لیوای دیکەی سوپا کە لە سنوورەکانی سووریا جێگیر کرابوون، بەتەواوەتی هەڵوەشانەوە. (Knights, 2015, p 07)

ئامانجی ستراتیجی سەربازیی ئەمریکا لەجیاتی ناردنی دەیان هەزار سەربازی ئەمریکی، یارمەتیدان و پشتگیریکردنی هێزە ئەمنییە خۆجێییەکان بوو لەپێناو جێگیرکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی. لە نێوان ساڵانی 2003 تاکوو 2011 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 26 ملیار دۆلاری لە پڕچەککردن و پەرەپێدانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق خەرج کرد، بەڵام ڕێکخراوی دەولەتی ئیسلامی بە ژمارەیەک چەکداری کەمەوە توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەدەست بهێنێت. سوپای عێراق لەسەر کاغەز هێزێکی زەبەلاح و ژمارەیەکی زۆر سەربازی هەبوو، بە هۆی هەڵاتنی سەربازەکانییەوە دووچاری شکستێکی گەورە بووەوە، سەرەڕای نەبوونی ئیرادەی شەڕکردن دژ بە پێشڕەوییەکانی داعش. (Understanding the “Will to Fight, 2017)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شکستە یەک لەدوا یەکەکانی سوپای عێراق ناتوانرێت تەنیا بۆ یەک فاکتەر بگەڕێندرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بوونی فەرماندەییەکی کارامە خاڵی بەهێزی سوپا بێت، ئەوا چەندان یەکەی سوپا تێکشکاون کە فەرماندەییەکی لێهاتوویان هەبووە، وەک فیرقەی زرێپۆشی سوپای عێراق کە لە جەنگی عێراق-ئێران و لە نێوان ساڵانی 1981-1982 تێکشکا. بوونی سەرچاوەی ماددی بەهێز گرنگە، بەڵام بۆ سەرکەوتن لە جەنگدا یەکلاکەرەوە نییە. هەروەها بوونی باوەڕێکی بەهێز بە ستراتیجیەتی نیشتمانی و دۆکترینی سەربازیی دەکرێت فاکتەرێکی دیکەی بەهێزیی سوپا بێت، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم فاکتەرەش چەند یەکەیەکی سوپای عێراق لە ساڵی 1981 لەبەردەم هێرشی ئێرانییەکاندا تێکشکان و دووچاری هەڵوەشانەوە بوون. (Konnable,2022, p 16)

**2-2- پێشمەرگە وەک ئەلتەرناتیف**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی 2003 تاکوو 2011 تەنیا لە ڕێکخستنەوەی 8 لیوای پێشمەرگە بە بڕی 92 ملیۆن دۆلار هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو، لە بەرانبەردا بە تێچووی 26 ملیار دۆلار، 91 لیوای هێزە ئەمنییەکانی عێراقی ڕێکخستەوە و پڕچەکی کردن. واتە 11.5 ملیۆن دۆلار بۆ هەر لیوایەکی پێشمەرگە، بەڵام 229.3 ملیۆن دۆلار بۆ هەر لیوایەکی هێزەکانی عێراق خەرج کرا(Knights, 2014, p 07). لەگەڵ پێشڕەوییەکانی چەکدارانی داعش یەك لەسەر چواری هێزە ئەمنییەکانی عێراق هەڵوەشانەوە، لە کاتێکدا پێشمەرگە دووچاری شکستێکی لەو شێوەیە نەبووەوە.

دوای نزیکەی نیو سەدە لە خەباتی پارتیزانی دژ بە حکوومەتەکانی عێراق، پێشمەرگە وەک جەنگاوەر ناوبانگێکی گەورەی لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیدا کرد. دوای لاوازبوونی هێزە عێراقییەکان لە ساڵی 2009 بە هۆی کەمبوونەوەی یارمەتییەکانی ئەمریکا، هێزە ئەمنییەکانی دووچاری گرفت بوونەوە. ژمارەی ئەندامانی هێزە شەڕکەرەکانی عێراق نزیکەی 400 هەزار سەرباز بوو کە بە باشترین چەکی ئەمریکی، پڕچەک کرابوون، کەچی لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ ژمارەی سەربازانی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی تەنیا 80 هەزار سەرباز دەبوو. بە هۆی مانەوەی لە میانی شەڕەکانی هاوینی 2014، پێشمەرگە بوو بە گەورەترین هێزی ئەمنی لە عێراق کە ئەمریکا لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی

ئیسلامیدا پشتی پێ دەبەست. (Knights, 2015, p 30) لێرەوە پێشمەرگە وەک هێزێکی جێگرەوە و شوێنی متمانە بوو بە بەشێک لە ستراتیجی سەربازیی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش.

هەرێمی کوردستان بوو بە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، لەبەرئەوە لە مانگی تەمموزی 2016 بۆ یەکەمجار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەشنووسێکی لێکتێگەیشتنیان لە بواری هاوکاری سەربازیی واژوو کرد. یارمەتیدانی پێشمەرگەش تەنیا لە لایەن حکوومەتی ئەمریکاوە پشتگیری نەدەکرا، بەڵکوو لایەنی ناو دەسەڵاتی یاسادانانیش پشتگیری هەرێمی کوردستانیان دەکرد، تاکوو سەربەخۆیی زیاتر لە ڕووی دەسەڵاتەوە لە بەغدا بەدەست بهێنێت. (Malik, 2017) بەبێ بوونی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان، هەوڵەکانی لەناوبردنی داعش کاتی زیاتر و تێچوویەکی زۆرتری دەویست، چونکە کوردستان لە زۆر ڕووەوە پێگەیەکی ستراتیجی بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی داعش. (Knights, 2015, p 26).

ئەزموونی ڕابردووی پێشمەرگە لە شەڕکردن دژ بە ڕێکخراوە تیرۆرستی و توندڕەوەکان ئەو تێڕوانینەی لای ئەمریکییەکان بەهێزتر کرد کە پێشمەرگە کلیلی تێکشکاندنی داعشە لە عێراق، چونکە تەنیا هێزی ئەمنی پارێزراون و بە هۆی پێشڕەوییەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە دووچاری شکست و هەڵوەشانەوە نەبوونەتەوە. جگە لەوەی ڕێگەی باکوور-باشوور لە بەغداوە تاکوو شاری مووسڵی پایتەختی خەلافەتەکەی داعش نزیکەی 350 میلە، لەکاتێکدا مووسڵ تەنیا 30 میل لە هەولێرەوە دوورە. لە ڕووی پراکتیکیشەوە ناوچەی کوردی پێگەیەکی ناوازەیە بۆ دەسپێکی جەنگ دژ بە داعش، سەرەڕای ئەوەی کوردەکان خاوەن مۆراڵی بەرز و ڕۆحییەتی جەنگن، توانیویانە بە هاوکاری ئەمریکا کۆنترۆڵی سنوورەکانی خۆیان بکەن. (knights, 2015, p 32)

سەرەتای مانگی ئابی 2014 ئاراستەی پێشڕەوییەکانی داعش ڕووی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کرد، لە چەند ناوچەیەکیش هێزی پێشمەرگە دووچاری شکست هات و پاشەکشەی کرد وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی لە شەنگال و مەخموور ڕووی دا. هۆکاری ئەم شکستەش لە ڕاستیدا نەبوونی چەکی پێویست بوو، بە تایبەت چەکی دژە تانک و زرێپۆش، چونکە داعش دەستی بەسەر برێکی زۆر لەو تانک و زرێپۆشە ئەمریکیانەدا گرت کە بە سوپای عێراق درابوون و لە شەڕ دژ بە هێزی پێشمەرگە بەکاری دەهینان. (Knights, 2015, p 31) لەگەڵ وەشاندنی یەکەم گورزی ئاسمانی ئەمریکا دژ بە داعش، پێشمەرگە پێشڕەوییەکانی داعشی ڕاگرت و تەنانەت پاراستنی سنووری ئەو ناوچانەشی کەوتە ئەستۆ کە بە ناوچەی کێشە لەسەر لە نێوان هەرێم و بەغدا ناسراون، وەک؛ کەرکووک، هەندێک لە ناوچەکانی دیالە و دەشتی نەینەوا و سەڵاحەددین.

دەسپێکی گورزە ئاسمانییەکانی ئەمرپکا دژ بە داعش لە عێراق ئامانجی بەرگریکردن بوو لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر. چونکە ئەمریکییەکان سوور بوون لەسەر ئیلتیزاماتی خۆیان بۆ پاراستنی کوردەکانی عێراق. وەک سەرۆک ئۆباما ڕایگەیاند: "هەولێر هێڵی سوورە، ئێمە ڕێگە نادەین دەوڵەتی تیرۆرستی ئیسلامی لە هەولێر نزیک بێتەوە." (ئەحمەد،2022، لا 196)

لە لایەکی دیکەوە گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران هەژموونێکی زۆریان لەناو دەزگا ئەمنییەکانی عێراقدا هەیە بە تایبەت هەندێک لە لایەنەکانی حەشدی شەعبی بوون بە بەشێک لە پێکهاتەی هێزە تایبەتەکانی عێراق و یەکە زرێپۆشەکان کە هێزی گورزوەشێنی سەرەکی عێراقییان پێک دەهینا. بۆ کۆنترۆڵکردنی پێگەی سەرکردایەتی ناو پێکهاتەی هێزە ئەمنییەکانیش، سوودیان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەرکردە شیعییەکان وەردەگرت. نموونەی ئەمەش دەستبەسەرداگرتنی تەواوی ڕێوشوێنە ئەمنییەکان بوو لە لایەن ئەو گرووپانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەی ئامرلی و جورف ئەلسەخەر. سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، دەرفەتی دەستکەوتنی زانیاری هەواڵگری و چەکی قورس و یارمەتی لۆجستی بۆ ئاسان کردبوون. (Knights, 2015, p 10 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە هۆی باڵادەستی گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران بەسەر هێزی ئەمنی عێراقییەوە، ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان زیاتر جەختیان لەسەر پێشمەرگە بوو لە بەڕێوەبردنی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکاندا. تەنانەت ئەو بەرانەی گرووپە میلیشیاکان تێیدا باڵادەست بوون، هێزی ئاسمانی ئەمریکی هیچ جۆرە پاڵپشتییەکی ئەو هێزانەیان لەسەر زەوی نەدەکرد، بەڵام چەندان ئۆپەڕاسیۆنی هاوبەشیان لەگەڵ پێشمەرگە ئەنجام دا، وەک؛ ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە حەویجە کە بە هاوکاری هێزی تایبەتی ئەمریکا و پێشمەرگە لەناو قوڵایی دەسەڵاتی داعش ئەنجام درا. هێزی تایبەتی ئەمریکا بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە حکوومەتی عێراق، هاوشان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەشداری ئەو جۆرە پرۆسە سەربازییە تایبەتیانەی دەکرد. (Malik, 2017)

### 2-3- مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ پرسی کورد

مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێدەپەڕێت. نووسەری ئەمریکی مایکڵ گونتەر (Michael Gunter) سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر کورد بۆ پێنج قۆناغ دابەش دەکات:

قۆناغی یەکەم/ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕاگەیاندنی چواردە خاڵەکەی سەرۆک ودرۆ وڵسن (Woodrow Wilson 1856-1924) دەست پێ دەکات کە لە خاڵی دوازدەیەمدا ئاماژەی ئەوەی تێدا بوو کە کوردەکان دەتوانن سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بێنەدەر و خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام بە گەڕانەوەی تورکیا بە ڕابەرایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک، کۆتایی بە خەونی سەربەخۆیی کوردەکان هات و ئەم قۆناغە کورتەی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ کورد کۆتایی پێ هات.

قۆناغی دووەم/ ئەم قۆناغە بە پشتگیریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شۆڕشی کورد بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی دژ بە حکوومەتی عێراق لە سەرەتایساڵانی حەفتای سەدەی بیست دەست پێ دەکات. بە ڕێکەوتنی شای ئێران لەگەڵ سەدام حوسێن لە ساڵی 1975 کۆتایی بە هاوکاری و پشتگیری ئەمریکا و ئێران بۆ شۆڕشەکە هات، وەک هینری کیسنجەر (Henry Kissinger)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبارەی ڕێکەوتنەکەوە دەڵێت: "نابێت کاری نهێنی و چالاکی خێرخوازی تێکەڵ بکرێت". لێرەوە ئەم قۆناغەش بە کۆتا هات.

قۆناغی سێیەم/ ئەم قۆناغە، لەگەڵ دەسپێکی جەنگی کەنداو لە ساڵی 1991 دەست پێ دەکات، کە دواتر دەبێت بە هۆی دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. لە میانی ئەم قۆناغەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کوردەکانی عێراقی وەک؛ "کوردە باشەکان" وەسف دەکرد.

قۆناغی چوارەم/ ئەم قۆناغە، بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ڕژێمەکەی سەدام حوسێن لە ساڵی 2003 دەست پێ دەکات. لە هەمان کاتدا دەکرێت بە قۆناغی دیفاکتۆی نێوان ئەمریکا و حکوومەتی هەرێم (De Facto US-KRG Alliance Stage) وەسف بکرێت، کە تاکوو ئێستاش بەردەوامی هەیە.

قۆناغی پێنجەم/ ئەم قۆناغە، قۆناغی مامەڵەکردنی ئەمریکایە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، بە پێچەوانەی تێڕوانین و مامەڵەکردنی لەگەڵ کوردی عێراق کە بە کوردی باش وەسفی دەکردن، کوردەکانی باکووری کوردستان لەناو پارتی کرێکارانی کوردستان بە "کوردی خراپ" دادەنێت. بە هۆی گرنگی پێگەی جیۆپۆڵەتیکی تورکیا و بوونی وەک هاوپەیمانێکی گرنگ لە ناتۆ، ئەمریکا هەمیشە پشتیوانی تورکیا بووە لە دژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، بەڵکوو ئەو پارتەی بە جووڵانەوەیەکی تیرۆرستی داناوە و لە چوارچێوەی لیستی گرووپە تیرۆرستییەکاندا پۆلێنی کردووە. (Gunter, 2011)

لە میانی جەنگی سارددا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرسی کوردی لە عێراق وەک چەکێک دژ بە هەژموون و کاریگەری یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەکار دەهێنا، وەک هێنری کیسنجەر لەو بارەیەوە جەخت دەکاتەوە: "من دەمەوێت "سۆڤیەتییەکان" ئەوەیان لەبیر بێت کە ئەوان لە میسر دەرچوون و عێراقیش دەبێت بۆیان ببێت بە بیرێکی بێ بن. من دەمەوێت بە هەموو کەسێک بڵێم، ئەوەی پێی وا بێت بۆ جموجۆڵ دێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێت لەوێ بڕوات و دوور

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەوێتەوە... ئێمە هەر ئەوەمان دەوێت کە ئەمە لە مێشکی خۆیان دابنێن و ئەوە هەڵبسەنگێنن کە نرخی جموجۆڵەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گرانبەها دەربکەوێت. هەروەها ئەوەشمان دەوێت کە عەرەبەکانی ناوچەکە ناتوانن بە کلکگرێدانیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هەست بە ئازادی بکەن. ئێمە ئەوەشمان لە کورد دەوێت هەر بایی ئەوەندە بەهێز بن کە ببنە برینێکی کراوە لە جەستەی عێراقدا." (گیبسن، 2019، لا. 359) لێرەدا برینی کراوە بە واتای بەردەوامیدان بە بوونی گرفت یاخود قەیرانێک لە هەناوی دەوڵەتێکدا کە ئاراستەیەکی دژ بە خواستی ئەمریکای هەیە دێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو ئەمریکا پشتیوانی لە ڕێگاچەرەیەک نەدەکرد بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، بەڵکوو بۆ لە قاڵبدانی هەژموونی سۆڤیەت هەوڵی دەدا پرسی کورد وەک ڕۆڵگێڕی کلیلێک لەناو ستراتیجی جەنگی ساردی هەرێمایەتی خۆیدا ببینێت.

مایکڵ نایتس (Michael Knights) توێژەر لەپەیمانگەی واشنتۆن بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی نزیک پێی وایە: "کەیسی کورد لە عێراق بۆ ئەمریکییەکان هەمیشە کەیسێکی بێوێنە بووە، ئەویش لەبەر بوونی کوردێکی زۆر لە تورکیا و ئێران و سووریا. بە پێچەوانەی کەیسی باڵکان، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەوانەیە هەڵوەشاندنەوەی سنووری چەند دەوڵەتێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە." (ئەحمەد، 2022. لا. 201). بە دیوێکی دیکەشدا کورد لە عێراقدا ئەزموونێکی باشی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا هەیە، لێرەوە دەرفەتی بوونی وەک دۆستێکی هەمیشەیی ئەمریکا لە ناوچەکە زۆرترە، وەکوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا دەڵێت: "بەشێکی باشی پەیوەندییەکانی خەڵکی ئەمریکا لەگەل کورد بۆ قوربانییەکانی پێشمەرگە لە دژی داعش دەگەڕێتەوە. ئەوەش ناوبانگی کوردی زیاتر کردووە. هەروەها هۆکارێکی تر کردنەوەی باوەشی هەرێمی کوردستانە بۆ ئاوارەکان و بڕوابوون بە ئازادیی ئایینیی. هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر خەڵکی ئەمریکا هەبووە کە بە شێوەیەکی ئەرێنی سەیری کورد و هەرێمی کوردستان بکەن." (ئەحمەد، 2022. لا .203)

لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیشدا، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتەواوی پشتی بە هێزە خۆجێیەکان دەبەست، وەک؛ هەرێمی کوردستان. سەرۆک ئۆباما لەم بارەیەوە جەختی کردەوە: "ئێمە بەرژەوەندی ستراتیجیمان لە دەرکردنی داعش هەیە، ئێمە ڕێگە نادەین ئەوان لە عێراق و سووریا خەلافەتێک دروست بکەن. بەڵام ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەتوانین ئەوە بکەین کە بزانین لەسەر زەوی هاوپەیمانمان هەیە کە دەتوانن ئەو کارە بکەن." (ئەحمەد، 2022. لا. 196).

لە ئێستاشدا بە هۆی بوونی هێزی پێشمەرگەوە، پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورد بە تایبەت هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی گرنگدایە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشمەرگە وەک هاوبەشێکی متمانەپێکراو، ئەو خاسیەتە بە هەرێمی کوردستان دەدات کە وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵی گرنگی لە هاوکێشەکانی ناو عێراق و تەنانەت ناوچەکەش هەبێت. سەرەرای ئەوەی لە ستراتیجی جەنگی دژ بە تیرۆریشدا پێگەیەکی گرنگ و ستراتیجی هەیە.

**دەرئەنجام**

بوونی هێزی پێشمەرگە وەک هاوبەشێکی متمانەپێکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمدا، وای کردووە هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵی گرنگی لە هاوکێشە ئاسایشییەکانی عێراق و تەنانەت هەندێک ئاستی هەرێمیشدا هەبێت. پشتبەستن بە هێزی پێشمەرگە ئەو وێنایەی لە تێڕوانینی بەرپرسانی ئەمریکادا بەهێزتر کرد کە دەکرێت وەک هاوبەشێکی خۆجێی و جێگەی متمانە، هاوکاری و پشتگیری بکرێت، تاکوو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش بێت لە ناوچەکەدا.

پیادەکردنی ستراتیجی نەبوونی سەرباز لەسەر زەوی (no boots on the ground) لە لایەن ئیدارەی کۆشکی سپییەوە ئەو دەرفەتەی لەبەردەم هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەدا دروست کرد کە وەک دۆستێکی گرنگ و هاوبەشێکی سەربازیی ڕووبەڕووی مەترسییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ببێتەوە و ڕێگە لە پێشڕەوییەکانی بگرێت. تێکشکاندنی داعش گرنگییەکی ستراتیجی بە

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرێم بەخشی، وەک مەیدانێکی سەرەکی کە تێیدا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە داعش تێدا بەڕێوە دەبرد.

شکستی بونیادنانی سوپا و نەتەوە لە عێراق بەرەنجامێکی کارەساتباری بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەبوو، لەبەر ئەوە واشنتۆن بەبایەخەوە لە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە دەڕوانێت بە تایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان و جێگیرکردنی سەقامگیری. پاراستنی کەمینەکان و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەو ئاوارانەی بە هۆی مەترسییەکانی داعشەوە هەڵاتبوون، هەرێمی کوردستانی کرد بە ناوچەیەکی گرنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و وەدیهێنانی سەقامگیری.

گرنگیدانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی بە هێزی پێشمەرگە و پشتگیریکردنی، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پێشمەرگە وەک هێزێکی جێگەی متمانە لە داهاتووشدا لە پەیوەند بە خواستەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی لە عێراق و تەنانەت ناوچەکەش دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:

### کتێب

1. ئەحمەد، زوبێر. (2022). هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی، چ جۆرە پەیوەندییەك. چاپخانەی ڕۆکسانا. چاپی یەکەم.
2. Connable, B. (2022). Iraqi Army Will to Fight. Santa Monica, California.
3. GUNTER, M., M. (2022). The five stages of American foreign policy towards the Kurds. Insight Turkey. Vol. 13, No. 2, 2011.
4. Knights, M. (2015). The Long Haul: Rebooting U.S. Security Cooperation in Iraq, Washington., Washington, D.C.: Washington Institute for Near East Policy.

### توێژینەوە

1. عەزیز، سەردار. (2021، ): پێشمەرگە وەک پردی پەیوەندی کوردستان و دنیا. ناوەندی توێژینەوەی ڕووداو. Retrieved from website of Rudaw: https://www.rudaw.net/sorani/opinion/170320211 Accessed:17/03/2022
2. Hawezy, L. (2015). U.S. military cooperation with Kurdistan's peshmerga (Thesis). Retrieved from: https://dl.tufts.edu/concern/pdfs/4t64h0155 Accessed: 10/01/2022. https://www.rudaw.net/sorani/opinion/170320211 Accessed:17/03/2022
3. Kaplan, F. (2022, May). The case for helping the Kurds, a thriving Kurdistan is necessary for a democratic Iraq. Retrieved from website of slate: https://slate.com/news-and-politics/2014/08/isis-and-kurdistan-the-future-of-iraq-depends-on-a-thriving-kurdish-population.html .Accessed: 12/03/2022

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. Khorsheed, H., M. (2020). The role of subnational forces in combating terrorism during civil war: the case of peshmarga of Kurdistan region-Iraq against ISIS (2014-2017) (Thesis). Naval Postgraduate School.
5. Knights, M. (2022, May). Iraqi Kurdistan: The middle east's next" Little Sparta". Retrieved from website of Washington Institute: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/iraqi-kurdistan-middle-easts-next-little-sparta. Accessed: 13/03/2022.
6. Natali, D. (2015, April). Counting on the Kurds the peshmerga's prospects against ISIS. Retrieved from website of foreign affairs: https://www.foreignaffairs.com/articles/middle-east/2015-04-22/counting-kurds\ . Accessed: 07/05/2022.
7. Understanding the "Will to Fight. (2022, May). Retrieved from Website of Rand Corporation: https://www.rand.org/ard/projects/will-to-fight.html. Accessed: 12/06/ 2022.

### ژێدەری ئەلیکترۆنی

1. أوباما: "داعش" خطر على العراق وتهديد للمصالح الأمريكية.(2014, June). Retrieved from of website of BBC: https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2014/06/140614_iraq_obama_review_options. Accesssed: 03/03/2022
2. الهرمزي ي. (August,2022). اخفاقات الاستراتيجية الامريكية في محاربة داعش. Retrieved from website of المستقبل للابحاث و الدراسات المتقدمه. Accessed: /futureuae: https://futureuae.com/ar/Author/Index/95 01/06/2022

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. عەزیز، ڕێکار. (2022،) ئەو ژەنەراڵەی پێشمەرگەی بە"متمانەپێکرا و بەتوانا" ناوبرد، بوو بەفەرماندەیی فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا Retrieved from website . of Rudaw: https://www.rudaw.net/sorani/world/0304202223 Accessed: 16/05/2022.

4. عیسی، م. ع. (August ،2022). الاستراتيجية الامريكية في حرب على"داعش" و حدود الفاعلية. https://rawabetcenter.com/archives/30545 : Accessed: . 08/05/2022

5. Gleason, C. (2019, November). Readout of U.S. Under Secretary of Defense for Policy John C. Rood Visit to Iraq. Retrieved from website of defense: https://www.defense.gov/News/Releases/Release/Article/2026628/readout-of-us-under-secretary-of-defense-for-policy-john-c-rood-visit-to-iraq/ Accessed: 10/02/2022
6. Gorzewski, D. (2014, August). Arms for Kurdish peshmerga to affect military balance. Retrieved from website of dw: https://www.dw.com/en/arms-for-kurdish-peshmerga-to-affect-military-balance/a-17853077 Accessed: 12/07/2022
7. Malik, H. (2017, May). US continues buildup of Iraqi Kurdish forces. Retrieved from website of al-monitor: https://www.al-monitor.com/originals/2017/05/iraq-kurdistan-us-peshmerga.html. Accessed: 12/03/2022.
8. Sullivan, R. G. & Dubik, J. M. (2014, August): No boots on the ground is mantra not strategy. Retrieved from website of ausa: https://www.ausa.org/articles/%E2%80%98no-boots-ground%E2%80%99-mantra-not-strategy Accessed: 12/04/2022.

9. Trump: Some are great fighters, others are not the Kurds are. (2018, September). Retrieved from website of Rudaw: https://www.rudaw.net/english/world/27092018-amp Accessed: 11/04/2022
10. United States strategy to defeat the Islamic state in Iraq. (2014, September). Retrieved from website of USA goveinfo: https://www.govinfo.gov/content/pkg/CHRG-113shrg95102/html/CHRG-113shrg95102.htm Accessed: 27/04/2022.
11. United States strategy to defeat the Islamic state in Iraq. (2017, September). Retrieved from website of govinfo: https://www.govinfo.gov/content/pkg/CHRG-113shrg95102/html/CHRG-113shrg95102.htm Accessed: 15/02/2022.

# U.S relations with the Peshmerga forces in the fight against the Islamic State in Iraq and the Levant.

**Aram Nasih Obed**
Department of Political Science, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
aram.obed@su.edu.krd

**Prof. Dr. Shamal Hussain Mustaffa**
Department of Political Science, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Shamal.mustafa@su.edu.krd

**Keywords:** *United States, Peshmerga, Military strategy, ISIS, Local Partner.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

Iraqi Kurdistan Region has a significant position politically and geostrategic ally in the U.S. military strategy. This equation emerged at the political and security levels after 2014 in the Middle East. Due to the anti-terror war, the security field has become the core of the U.S. and Iraqi Kurdistan relations. Especially when the United States relied on regional and local partners and proxies and the support for security and military strategies in Iraq and the Middle East. For instance, the threat of the Islamic State in Iraq and Syria (ISIS) to the U.S. strategic interests strengthened the relationship between the United States and the Iraqi Kurdistan region military forces known as Peshmarga. It was an effective force in defeating ISS and eliminating the danger and threat of IS

# علاقات الولايات المتحدة مع قوات البيشمركة في محاربة تنظيم الدولة الإسلامية فى العراق و الشام

## ملخص:

يتميز إقليم كردستان العراق بان لها مكانة بارزة سياسياً وجيوستراتيجياً في الإستراتيجية العسكرية الأمريكية. برزت هذه الخصوصية للاقليم على المستويين السياسي والأمني بعد عام 2014 في منطقة الشرق الأوسط.
بسبب الحرب على الإرهاب ، أصبح المجال الأمني جوهر العلاقات بين الولايات المتحدة وكردستان العراق. خاصة عندما اعتمدت الولايات المتحدة على شركاء ووكلاء إقليميين ومحليين ودعم الاستراتيجيات الأمنية والعسكرية في العراق والشرق الأوسط. عزز تهديد تنظيم الدولة الإسلامية في العراق وسوريا (داعش) للمصالح الاستراتيجية للولايات

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

المتحدة العلاقة بين الولايات المتحدة والقوات العسكرية لإقليم كردستان العراق المعروفة باسم البشمركة. حيث كانت البيشمركة قوة فاعلة في هزيمة والقضاء على خطر وتهديد تنظيم الدولة الإسلامية.